






بەیان رەحمان

یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی دەربەندیخان:

# هیوادارم وەرزشی کچانیش لە کوردستان بەرەوپێش بڕوات

یانەی دەربەندیخان تاکە یانەی دەڤەری گەرمیانە کەوا بەردەوام گرنگی بە یارییە وەرزشییەکانی سەر ئاستی کچان دەدات، بەتایبەت لە یاری تۆپی باسکە کە ساڵانە بەردەوام مەشقی تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانان و ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتییەکان بە هیوای دروستکردنی یاریزانانی بەتوانا بۆ یانەکەیان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (بەیان رەحمان)ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی دەربەندیخانەو دەرچووی ئامادەییە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاری تۆپی باسکە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی





*** لەنێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە بۆچی یاری باسکەت هەڵبژارد؟**

- هەر لەمنداڵییەوە حەزێکی زۆرم بۆ وەرزش هەبووە، بەتایبەتی تۆپی باسکە، ئاست و توانای خۆشم لەم یارییە بینیتەوە، بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاری تۆپی باسکەی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- وەرزش بەگشتی لە کوردستان تا رادەیەک لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هیواداریشین زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی باسکە لە شارەکانی کوردستان بەرزتر ببێتەوە؟**

- کردنەوەی پاڵەوانێتی زیاتر و ناردنی کچان لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ یانە وەرزشییەکان بێگومان هاندەرە بۆ باشتربوونی ئاستی تۆپی باسکە.

*** نەکردنەوەی پاڵەوانێتی تا چەند لەسەر ئاستی یاریزانان بەگشتی کاریگەری هەبووە؟**

- بە رادەیەکی زۆر کاریگەری کردۆتە سەر یاریزان، چ کچ و چ کوڕیش، واشیکردوە زۆر لە یاریزانان واز لە یاریکردن بێنن.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی، یارمەتی نەدانی تیپەکان لە رێگەی بەرپرسانی وەرزش و پشتگیرینەکردنی یاریزانان لە رێگەی خێزانەکانیانەوە، ئەوانە هەمووی گرفتن.

*** دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- هاوکاریمان دەکەن، بەڵام بەپێی پێویست نییە.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- بێگومان منیش وەکو هەموو کچە یاریزانێک لە تۆپی باسکە دەمەوێ ببمە یاریزانێکی باش و لەگەڵ هاوڕێکانم بتوانین ئاستی یانەکەمان بەرەو پێش ببەین و بتوانین لە پاڵەوانیەتییەکان پلەیەکی باش بەدەست بهێنین.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- بەرنامەی من بۆ داهاتوو هەوڵدان و خۆماندووکردنی زیاترە تا بتوانم ئاستم بەرەو پێشتر بەرم و یارمەتی تیپەکەم بدەم و خزمەتی شارەکەشم بکەم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- بێگومان ئەوە خەونی من و هەموو یاریزانێکە کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت.

*** بە چ یاریزانێکی یاری باسکەی جیهانی سەرسامیت؟**

- ستیڤن کووری، کایری ریڤین .

*** تا ئێستا هیچ گرێبەستێکت لەلایەن یانەکانەوە پێشکەش کراوە؟**

- نەخێر، تاکو ئێستا بۆم نەهاتووە.

*** لە کۆمەڵگەی کوردی تاچەند پشتگیری وەرزشی ئافرەتان دەکرێ؟**

- تا رادەیەکی زۆر باش، هیواداریشین زیاتر گرنگی پێ بدرێت بۆ ئەوەی وەرزشی کچانیش لە کوردستان بەرەوپێش بڕوات.

*** لەکۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوە؟**

- لەکۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی مامۆستا زانا بکەم کە تا ئێستا وەک برایەک هاوکاری ئێمە بووە و هەمیشە یارمەتیدەرمان بووە و سوپاسی هاوڕێکانم و خێزانەکەشم دەکەم کە پشگیرم بوون و داواکاریشم کە بەرپرسانی وەرزش زیاتر هاوکاری تیپەکان بکەن، هەروەها سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان.





# مارسیلۆ-یەکەی چەمچەماڵ لەگەڵ نەورۆز بەردەوام دەبێت

کەیوان محەممەد ناسراو بە مارسیلۆیەکەی چەمچەماڵ وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی نەورۆز لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بۆیە ئەمساڵ کارگێڕی یانەی نەورۆز جارێکی تر گرێبەستی پێشکەش کردەوە، لە ئێستاشدا خەریکی ئامادەکارییەکانە لەگەڵ یانەی نەورۆز، لەبارەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەشی کەیوان محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ یانەی نەورۆز بە فەرمی بۆ وەرزێکی تر لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی وەرزی رابردوو گرێبەستەکانیان نوێ کردەوە، منیش وەکو یاریزانێك ئەمساڵ لەگەڵ یانەی نەورۆز بەردەوام دەبم.» لەبارەی بڕی گرێبەستەکەشی گوتی: «تەنیا بە شێوەی مووچەیە، چونکە ئێستا سەرجەم یانەکان قەیرانی داراییان هەیە و تیپەکەی ئێمەش بەدەر نییە لەم قەیرانە.» لەبارەی بوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: «یانەی دهۆك پێیان گوتم، بەڵام من گرێبەستم لەگەڵ یانەی نەورۆز نوێ کردەوە، ئامانجیشم ئەوەیە لەگەڵ یانەی نەورۆز بتوانم ئاستێکی بەرز لە خولی نایاب پێشکەش بکەم و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، یانەی نەورۆزیش یانەیەکی گەورەیە و نوێنەری یەك شارە و هەموومان بەیەکەوە ئامانجی گەورەمان هەیە لە خولی کوردستان و ئامادەکاریی باشیش دەکەین بۆ دەستپێکی خولەکە».



# ئەستێرەی بەختی کوردێک
# لە ئەڵمانیا دەدرەوشێتەوە

زۆرن ئەو کوردە یاریزانانەی لە یارییە تاکەکان ئەنجامی بەرچاویان هەبووە و زۆربەی تیپەکانی دەرەوەیان بەخۆیان سەرقاڵ کردووە و داوای گرێبەستیان لێ کردوون، قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانیش هۆکارێك بووم بۆ ئەوەی چەندین وەرزشکار ڕێگای هاندەرانیان بگرنەوە بۆ ئەوەی چارەنووسێکی باش بۆ خۆیان هەڵبژێرن، یەکێك لەم یاریزانانەش بەڵێن عومەری لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری سەیدسادقی سەر بە پارێزگای سلێمانییە کە ساڵی ٢٠٠٧ دەستی بە یاری کاراتێ کردووە و بۆ چەندین یانەش لە هەرێمی کوردستان یاری کردووە، وەکو یانەکانی سیروانی شارەزوور و ئاشتی و بەختیاری و سەیدسادق و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقیش بووە، ماوەیەکیشە چۆتە ئەڵمانیا و ئێستا یاریزانی تیپی بۆخوم و هەڵبژاردەی هەرێمی دۆسلدۆرف و هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە، ئەنجامی گەورەشی هەبووە، لە بارەی چوونیشی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بەڵێن عومەر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە وەکو کۆچبەرێك چوومەتە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنم، لە ئەڵمانیا لە ڕووی گرنگیدان بە یاریزانان پێچەوانەی کوردستانە و بەگشتی لە ئەوروپا سپۆنسەری وەرزشوان دەکەن، بەتایبەتی شارەوانیی شارەکان زۆر گرنگیت پێ دەدەن و چیت پێویست بێت، بۆتی جێبەجێ دەکەن.» گوتیشی: «من لێرە زۆر خۆشحاڵم، چونکە هاوڕێکانم وەک یەکێك لە یاریزانە دێرینەکانی تیپەکە سەیرم دەکەن، هەر چەندە من ساڵێکە لەو تیپە یاری دەکەم، ئەو تیپەی منیش لە ساڵی ٢٠١٧دووەمی سەر ئاستی وڵاتی ئەڵمانیا بووە، زۆر هەوڵم داوە و پێشی گەیشتووم و ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیام بۆ هەردوو ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان لە ئاستی خوار تەمەن ٢١ ساڵ، چەندین یانەش پێیان گوتووم بۆ یاریکردن، بە هیوای ئەوەشم لە کوردستانیش گرنگی تەواو بە یاری کاراتێ بدرێت و لە داهاتووش کە گەڕامەوە، لەوێ بتوانم خزمەت بەم یارییە بکەم و بتوانم بە ئەنجامی گەورەوە بێمەوە».





# میران کەریم چاوی لە خولی نایابی کوردستانە

لەگەڵ ئەوەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان نزیکەی دوو مانگی ماوە بۆ وادەی دەستپێکردنی، بەڵام یانەکان بەردەوامن لە ئامادەکارییەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ تیپەکان بکەن و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، یاریزانانیش بەدوای یانەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەن. میران کەریم یەکێکە لەو یاریزانانەی کە ماوەی دوو وەرزە لە ریزی یانەی پێشمەرگە یاری دەکات، ئێستاش لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشەجێیە، بەڵام بیر لە هاتنەوەی دەکات بۆ کوردستان و یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە بارەی گەڕانەوەشی بۆ خولی نایابی کوردستان و یاریکردنی لەم خولەکە میران کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لە هەر وڵاتێك بم، هەر بیرم لە لای کوردستانە و حەزیش دەکەم وەکو یاریزانێك یاری لەم خولە بکەم، ماوەی دوو وەرزیش لە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر یاریم کردووە، زۆریش لەم یانەیە ئاسوودە بووم، بۆیە ئێستا لە دوای تەواوکردنی کۆرسی زمان و فێربوونی زمانی ئەڵمانی راستەوخۆ دەگەڕێمەوە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی بە یانەی پێشمەرگەی هەولێری پاڵەوانی رابردوو دەکەمەوە.» گوتیشی: «قسەم لەگەڵ راهێنەری یانەکە کردووە بۆ ئەوەی جارێکی دی پەیوەندییان پێوە بکەمەوە.» لە بارەی یانەکانی ئەڵمانیاش میران گوتی: «تیپ هەبووە من یارییان بۆ بکەم، بەڵام خۆم حەزم نەکردووەو ئێستاش بڕیاری کۆتاییم داوە و دەگەڕێمەوە ریزی یانەی پێشمەرگە و حەز دەکەم بەرگری لە درێسی ئەم تیپە بکەم، وەرزی رابردووش لەگەڵ تیپەکە توانیمان نازناوی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنین، ئەم وەرزە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەدیهێنانی خەونێکی ترمان.» گوتیشی: «لە ئەڵمانیا هیچ گرفتێکم نییە، بەڵام یاریکردن لە وڵاتی خۆت و لەگەڵ یانەی خۆت تام و چێژێکی تایبەتی هەیە».

# دیارترین ئەو یاریزانانەی گرێبەستیان کۆتایی دێت

ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی ناوی ١١ یاریزانی بڵاوکردەوە، کە هاوینی ئەمساڵ گرێبەستەکانیان لەگەڵ یانەکانیاندا تەواو دەبێت.

ڕۆژنامەکە ناوی ئەو ١١ یاریزانەی بڵاوکردووە ئاماژەی بەوەداوە بەو ١١ یاریزانە دەتوانرێت پێکهاتەیەکی بەهێز دروستبکرێت.

کۆتایی هاتنی گرێبەستی ئەو یاریزانانە لەهاوینی داهاتوودا بەو واتایە دێت، کە ئەو یاریزانانە دەتوانن بەگرێبەستی ئازاد ریزی یانەکانی ئێستایان بەجێبهێڵن.

پێکهاتەکەش بەم جۆرەیە:

گۆڵپارێز: ئیکەر کاسیاس (پۆرتۆ)

بەرگری: دانی بلیند (مانچستەر یونایتد)، جواو میراندا (ئینتەرمیلان)، جۆرجیۆ کیلینی (یۆڤانتۆس)، خوانفران (ئەتلەتیکۆ مەدرید).

ناوەند: ئەندێر هێرێرا (مانچستەر یونایتد)، مەسعود ئۆزێل (ئەرسناڵ)، خوان ماتا (مانچستەر یونایتد).

هێرشبەر: ئارین ڕۆبن (بایرن میونیخ)، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (مانچستەر یونایتد)، ئەلێکسس سانچێز (ئەرسناڵ)

یاریزانانی یەدەگ : ڕۆس بارکلی (ئیڤەرتۆن)، ئیمری جان (لیڤەرپوڵ)، لیۆن گۆریتسکا (شالکە)، ماریۆ بالۆتێلی (نیس).





# مۆندیالی ٢٠١٨ خەونی

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئۆباسیۆنی وەرزشیدا کاڤانی ڕایگەیاندووە ئامانجی ئەوان تۆمارکردنی سەرکەوتنە لەهەر شوێنێك بێت و گوتی: لە مۆندیالیشدا بەو جۆرە دەبین، هیوامان وایە کاتە باشەکان لەگەڵ ئێمە دووبارە ببێتەوە.

ئەوەش وەك ئاماژەیەك بەگەیشتن بە قۆناغی پێش کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ و بردنەوەی نازناوی کوپا ئەمەریکای ٢٠١١.

کاڤانی گوتی: یەکەم ئامانجی ئێمە لە مۆندیالدا تێپەڕاندنی قۆناغی



# نێیمار باشترینە

نێیمار داسیلڤای بەرازیلی و ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، بە باشترین یاریزانی بەرازیل لە کیشوەری ئەورووپا دەستنیشانکرا.

پێگەی (سامبا فوت)ی بەرازیلی راپرسییەکی بۆ باشترین یاریزانی بەرازیل لە کیشوەری ئەورووپا ئەنجامدا و تێیدا نێیمار رێژەی ٪٢٧,٧١ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و خەڵاتی سامبای ئاڵتونی پێبەخشراوە.

فیلیپ کۆتینهۆی ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوڵی ئینگلیزی رێژەی ٪١٦,٦٤ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو دووەمی راپرسییەکە بووە.

مارسیلۆی بەرازیلی و بەرگریکاری لای چەپی یانەی ریاڵ مەدریدیش رێژەی ٪١٤,٤٣ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو سێیەمی راپرسییەکە بووە.

نێیمار بۆ جاری سێیەمە ئەو نازناوە دەباتەوە، پێشتر و هەردوو ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ بەهەمان شێوە بەباشترین یاریزانی بەرازیلی لەکیشوەری ئەورووپا دەستنیشانکراوە.



# ئۆرۆگواییەکانە

کۆمەڵەکانە، پێویستە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێش بچین و بیر لە قۆناغەکانی داهاتوو بکەینەوە.

لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەیدا کاڤانی گوتی: مۆندیال ماوەیەکی زۆری ماوە هەربۆیە نامەوێت لە ئێستاوە بیری لێبکەمەوە، لە ئێستادا بیر لە پاریس سان جێرمان دەکەمەوە تاوەکو بە باشی بچمە مۆندیال.

کاڤانی لە کۆتاییشدا گوتی: تۆمارکردنی گۆڵی زۆر دڵخۆشم دەکات و متمانەی زیاترم پێدەبەخشێ، هیوادارم لەگەڵ هاورێکانم لە مۆندیالدا بەباشی دەربکەوین، چونکە خەونی سەرجەم ئۆرۆگواییەکانە.